# دوای ئاشکرابوونی گومانلێکراوەکان
# وەزارەتی ناوەخۆ دەیەوێت چ بە خەڵکی کوردستان بڵێت؟!

دڵزار حەسەن

گرنگی دانی تیرۆرستان و گروپە تێکدەرەکان بە شاری هەولێر و تەرکیزکردنە سەر ئەندامان و دەزگا و ناوچەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ تیرۆرکردن و تەقاندنەوە و کاری خۆکوژی تێیدا. بایەخی سەرنجدان و تێروانینی دەزگاکانی راگەیاندن و کەناڵەکانی تایبەت بە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی ئەو کاتە بە گەرم و گوڕتر بۆ لای خۆی راکێشا کە لە دوای دوو کارەساتە گەورەکەی "1" شوبات و 4/ئایاری شاری هەولێر دەستگیرکردنی زیاد لە 40 کار بەدەست و فەرمانبەری ناو ئیدارەی پارتی دیموکراتی کوردستانی بە تۆمەتی پاڵپشتی کردنی تیرۆرستان راگەیاند. لێرەدا پرسیار گەلێکی ئاوساو بە وەڵامانێکی لۆژیکی و واقیعیانە لە وەزارەتی ناوەخۆ چاوەنوارِدەکرێت، سەرەتا پرسیاری جەماوەر ئاراستەی دەزگای پاراستن و ئاسایشی ناوەخۆ و سەرکردایەتی پارتی دەکرێت. ئاخۆ بۆچی هەولێر و دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دەرەجەی یەکەم بوونەتە شوێنی گرنگی پێدان بە لای گروپە تیرۆرستەکانەوە، لە کاتێکدا شاری سلێمانی بە دەست یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەیە و تاکە هێزی عەلمانیش بووە بەکردار، راستەوخۆ شەڕی چەکداری لەگەڵ گروپە توندرەوەکان کردووە و ئەو شارە و ناوچەی شارەزوور و هەورامانیش تاکە شوێنی کوردستان بووینە کە کێشەی ئیسلامی توندڕەوی لێیەوە حەسم کرابێت.بەڵام تاکو ئێستاکە کارەساتێکی لەو شێوانەی هەولێری تێدا ئەنجام نەدراوە. لێرەوە گومانە جەوهەری و واقیعیەکە راستەوخۆ دەچێتەوە دەرباری پارتییەوە کە بۆچی هێشتا نەیتوانیوە سنوری ئەمنی دەرەوە و ناوەوەی خۆی بپارێزێت. یاخوود بۆچی پارتی لە خۆی ناپرسێت نزیکی دە ساڵە پاراستنی ئاسایشی خەڵکی هەولێری لە ئەستۆیەو لەولاوەش گەورەترین قوربانی بەدەستی تیرۆرستان ئەو شارە داویەتی. دیارە شاری هەلێر بۆ دواجار دەبێتە "شاری تراژیدیای قوربانیەکان" ئەو شارەی جگە لە لەوەی خاوەنی هەزارەها شەهیدی بێ تاوانە لە هەمان کاتیشدا تیرۆریست و خائین و خۆفرۆشیش لە هەناوی خۆیدا بەرهەم دەهێنێت ....

مەبەستیشم لە خائین و تیرۆرست ئەو فەرمانبەر و پیاوانەی دام و دەزگاکانی ئاسایش و حکومەتە کە ژێراو ژێر دەستیان لەگەڵ گروپە توندرەوەکاندا هەبووە و بەشداربووینە لە شەهیدبوون و زیاد کردنی قوربانیانی شاری هەولێر... کاتێکیش وەزارەتی ناوەخۆ هەگبەکەی پڕ دەبێت لە خائینی بەکرێگیراو، کە بەداخەوە بەو هەموو کەمتەرخەمییەوە نایەوێت دان بەبێ ئەزموونی خۆی دابنێت و داوایەکی لێبوردنیش لە کەس و کاری شەهیدان و بریندارانی شاری هەولێر بکات.

دیارە بەبێ هۆش نییە ئەو بۆشایە گەورەیە کەوتۆتە ناو وەزارەتی ناوەخۆ و دەزگاکانی ئاسایشەوە، یەکێك لە میکانیزمە گرنگەکانی ئەو کەمتەرخەمیە دەگەرێتەوە بۆ تێکەڵکردنی راپۆرتی حزبی لەگەڵ ئیفادە و چاودێری کردنی گومانلێکراوانەوە.بۆ نموونە رێکخراو ناوچە و بنکە حزبیەکانی پارتی

دیموکراتی کوردستان لەو دە ساڵەی رابردوودا هێندە لە خەمی ئەوەدا بووینە راپۆرت لەسەر ئەو خێزانانە کۆبکەنەوە کە چەند کەسیان یەکێتی‌یە یان لە کۆیە و سلێمانی دادەنیشن هێندە بە تەنگ ئەوەوە نەبووینە گروپە سەلەفی و توندڕوەکان بناسێ و ئاگاداری ئەرك و کارەکانیان بێت. کاتێکیش ئەو راپۆرتەی حزب دەچێتە وەزارەتی ناوەخۆ دەزگاکانی ئاسایشە ئیدی هەر دوو کەناڵ 100٪ چاودێری خۆیان دەخەنە سەر یەك لایەن و حزب ئەمیش یەکێتی نیشتمانی کوردستانە — لە هەمانکاتدا گروپە سەلەفی و توندڕوەکان ئەمە بە هەڵ دەزانن و لە غیابی تۆدا بەرنامەی گەورە گەورە بۆ لەناو بردنت دادەرێژن- لاتان سەیر نەبێت لەو هەولێرەی خۆمان بەس "جەلالی" ببوورن یەکێتی نەبووبی ئیدی یاڕەبی بەعسی و قاعیدە و زەندیق دەبوویت !!!

بێگومان ئیستاکەش دەبینین هەردوو حزب هاوپەیمانن و سەلەفی و توندڕەوەکانیش لە ناو هەناوی خۆتان هێلانە بۆ خۆیان  چێدەکەن.

لە راستیدا وەزارەتی ناوەخۆ دەبێت بەخۆیدا بچێتەوە ئەو قسانەی لێرە کردوومە راستیەکی هاشا هەڵنەگرە و خۆشی چاك هەستی پێدەکات، بۆیە وا چاکە وەزارەت و دەزگاکانی ئاسایش و پارتی و جەماوەری کوردستان باش لەو راستیە حاڵیین کە یەکێتی و حزبە پێشکەوتووخوازەکانیش دژی ئەونین، بەڵکو ئەوە دوژمنانی کورد و خائینان و خۆفرۆشەکانی ناو دەزگاکانی وەزارەتی ناوەخۆن دژی چارەنووسی کورد پیلان دەگێرن...